ئەو ئیمانداڕەی کە تێکەڵی خەڵکی دەبێت و لەسەر ئازارەکانیان (بەرامبەری) ئارام دەگرێت خێرترە لەو ئیمانداڕەی کە تێکەڵی خەڵکی نابێت و لەسەر ئازارەکانیان (بەرامبەری) ئارام ناگرێت

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەو ئیمانداڕەی کە تێکەڵی خەڵکی دەبێت و لەسەر ئازارەکانیان (بەرامبەری) ئارام دەگرێت خێرترە لەو ئیمانداڕەی کە تێکەڵی خەڵکی نابێت و لەسەر ئازارەکانیان (بەرامبەری) ئارام ناگرێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر فەزڵی تێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵکی وکۆبوونەوە لەگەڵیان، ئەو ئیمانداڕەی کە تێکەڵی خەڵکی دەبێت و لەگەڵیان دادەنیشێت و لەسەر ئازارەکانیان (بەرامبەری) ئارام دەگرێت ئەمیش بەهۆی ئامۆژگاری کردنیان وئاراستە کردنیان خێرترە لەو ئیمانداڕەی کە تێکەڵی خەڵکی نابێت و بە تەنها دەبێت چونکە لەسەر ئازارەکانیان (بەرامبەری) ئارام ناگرێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5492